# ساردی پرەنسیپەکان و زەمەنی کاڵ و کرچ

## (خوێندنەوەیەک بۆ پێشانگای خاکی حەمەبەهادینی شێوەکار)

ئیسماعیل حەمەئەمین

بەشی یەکەم

١

چی وامان لێدەکات حەزمان لەهونەری شێوەکاری بێت، لەگەڵ ئەوەی ئەم هونەرە ڕۆژ بەڕۆژ لەبەرهەمهێنانی ڕاستەوخۆی ماناوبیروراکان بەرامبەر بەجیهان دوور دەکەوێتەوە؟. چی وامان لێدەکات ئەو هەمموو ئەبستراکتیەی ڕەنگ و شێوەکان قبوڵ بکەین کەزۆر دوورە لەڕۆژانەی ژیانمان.؟!. چی وا لەهونەری شێوەکاری دەکات بەجیا لەهەمموو هونەرەکانی شانۆو ئەدەبیات، هونەرێکی بان- ناسیونال بێت و هونەرمەندی شێوەکاریش کەسێکی ئونڤێرسالی؟.. ئەمانەو زۆر پرسی دیکە لەکاتی دابەزینمدا لەبەردەم گەلەری (ئاڤێستا)ی هونەرمەندی شێوەکار (حەمە بەهادین) لەپرێکدا هەمموویان هاروژان. ئەو گەلەریەی دەکەوێتە کۆلانێکی درێژی هێمن، کۆلاێک زیاتر ئەتمۆسفێرەی شەقامێکی مولتی کولتوری لێدێت، نەک تەنها کۆلانێکی سیخناخ بەدیسپلینی ئەلمانی!. لێرەدا کۆلانێکی هێمنمان هەیە کەبۆ هەموو کەس ئاسانە ئۆتۆمبێلەکەی پارک بکات، کەئەمەش جۆرێکی دیکەیە لەشلبوونەوەی دیسپلینی هەندێک لەو شەقام وگەرەکانەی کەمۆرکی سەختی ڕاتسیونالیەت و ئەقڵانیەتی سەختی ئەلمانی تێدا بەدیدەکەین. کەوتنی گەلەری (ئاڤێستا) لەشوێنێکی ئاوەها هێمن ولەسەرخۆ ومولتی کولتوریەوە، کۆمبیناسیۆن و هاوئاهەنگیەکی جوانە لەنێوان زەمەن وشوێندا، لەنێوان شوێن وەک نوێنەرێکی خەسلەتەکانی خۆی کەپابەندە بە کولتورێکی تایبەتەوە وزەمەنیش کەلەم گۆشەنیگایەوە تایبەتە بەرۆحی ئەو شتانەی خۆیان نیشانی دنیا دەدەن. بەپێچەوانەی هەندێک گەرەکی دیکەی ئەلمانیا، کەهەمموویان پرن لەهەراو هوریای ناسیونالە جیاواز و بێگانەکانن وتەشتی سەتەلایتی هەڵواسراو وقیژەی مندال و دەنگی موزیکی هیپ هۆپ وتەلەفیزۆنی بەرز و بێزارکەر. بێ دیسپلینیەکە ئەو شەقام و گەرەکانەن کەزیاتر لەژێر ناونیشانی (گێتۆ) دەستنیشان دەکرێن. ئەم شەقامە بەپێچەوانەی هەردوو نمونە ئەلمانی و گێتۆیەکەیەوە، هێمن ومولتی کولتوری و خاوەن دیسپلینێکە تایبەت بەخۆی، نەک بەئارەزووەکانی ئەو مرۆڤانەی کەبرغوبەکن لە کارگەی ئەقڵانیەتێکی ڕیکلامیی.

شوێن و زەمەن لەم کۆلانەدا لەیەکەم بینینی جامخانەی کراوەی گەلەریەکە بەسەر شەقامەکەدا، هارمۆنیەتێکی تایبەتە، ڕەنگی سپی و سکلپتورو فیگور وتابلۆکان لەڕوونمای شوشەبەندی گەلەریەکەوە تێکەلی یەکتر دەبن، جۆرێکن لەئامادەگی هونەر لەنێو شوێنێکی پرجولەدا، ئامادەگی خەونە لەنێو هەرای ڕۆژانەی ژیاندا. هەمموویان ئامادەبوونێکی هونەری شێوەکارن لەنێو دنیایەکی پۆست مۆدێرن ولەشەقامێکی مولتی کولتوریدا. لێرەوە هونەر دەستپێدەکات..ئەمەم لەبەر خۆمەوە گووت: لێرەوە شێوەکار دەستپێدەکات و ئەوانی دیکە بێدەنگ دەبن..

٢

(حەمە بەهادین) کەلەئەڵمانیا بە (بەهادین) ناسراوە و خۆیشی دەیەوێت ئەو (موحەممەدە) وەک ڕەمزێکی ئاینی لەخۆی بکاتەوە و تەنها بە(بەهادین) بانگ بکرێت!، کەبێگومان بۆ یەکێکی وەکو من کەزیاتر لەبیست ساڵ دەبێت هاوڕێی ئەو ڕێگە بێ نان و ئاو و پر کێشەیەین ،کەناوی ئەدەب و هونەری کوردیە، کارێکی گران وزەحمەتە بەبەهادین بانگی بکەم!. لەبەر ئەوە هەولدەدەم لەم خوێندنەوەیەدا زیاتر (بەهادین) بکەم بە تەوەرەی ئاماژە بۆکردنەکانم،نەک حەمەبەهادین.

دیارە لەپشت ئەم گۆڕانی ناوەدا، هەستێک هەیە بەوەی کەهونەرمەندێکی وەک (بەهادین) دەیەوێت، نێوەندێکی بەتاڵ وەربگرێت لەهەمموو ئەو ناوانەی زیاتر هونەرمەند پابەند دەکەنەوە بەرەمزێکی ئاینی، کەئێستا بەهۆی ئەمریکانیزم وفوندەمێنتالی ئیسلامەویەتەوە لەلیستی تیرۆر وشەرەخوێناویەکانن لەدژی یەکتریدا. ئەو دەیەوێت لەهەمموو ئەو سۆمبۆلانە بەدوور بێت، دوور لەسۆمبۆلەکان سەمای خۆی بکات، بەلاَم مەخابن! بێئەوەی بەخۆی بزانێت هەمموو سومبۆلەکان لەهونەری ئەودا جارێکی دیکە لەدەرگای پشتەوەی (نەستی شێوەکار) دا خۆیان کردۆتەوە بەژووردا، ئەمجارەیان لەفۆرمەکانی خۆیاندان، نەک لەو فۆرمانەی کەئاین یان دەسەلات پێیبەخشیون، ئەوە گەرانەوەی ئەو سومبولانەن دوور لەهەمموو ڕەهەندە ئاینی و ناسیونال و تەنانەت ڕەهەندە پاتریۆتیستیەکان سەمای خۆیان دەکەن، خۆیان بەسەر ڕووبەری تابلۆکاندا پەخشدەکەنەوە، کۆمەلێک سۆمبۆلن کەلەم گوتارەدا هەولی کردنەوەی جفرە ئالۆزەکانیان دەدەین .

٣

لەوانەیە ئەمە سەرەتایەک بێت بۆ ئەوەی بتوانم بچمە نێو بابەتی پێشانگای ئەمجارەی (بەهادین) کەلە (مانهایم) لەگەلەریەکی خۆیدا لەڕۆژی ١٢/ ٢٠٠٧/٨ کرایەوە و بابەتی سەرەکی پێشانگاکە بابەتی (خاک) بوو . دیوارەکانی پێشانگاکە سپی و هارمۆنیەتێک لە ڕەنگ و فیگورەکاندا خۆی درێژ دەکردەوە. ئەوەی سەرنجی تەماشاکار ڕادەکێشێت، ئەو دەم وچاوە داتاشراوە بەردینانەن کەبەچەندەها قەبارەی جۆراوجۆر و شێوە لەم پێشانگایەدا نمایشکرابوون، ئەم کارانە بەسکلپتور ناویان دەبەین. ئەوانە ئەو سکلـپتورانەن دەموچاویان درێژ و غەمبارو تورە ولەهەندێکیشیاند ڕاماون لەدنیا، بەردتاشینێکی پرسەلیقەی ئەو دەم و چاوانەن کەدەم و چاوی ژیانی ڕۆژانەی خەلکان نین، بەلکو واهەست دەکەیت جۆرێکن لەسۆفیەت لەنێو بەردەوە ڕۆحی خۆیان نیشانی دنیا دەدەن، لەنێو بەردەوە زیندەگی دەبەخشن بە ژیانی بەردبوویی ئێمە. کارەکانی بەهادین لەبواری پەیکەرتاشی بەردا نەک هەر ئەبستراکە و لەخزمەت ئەبستراکدا بێت، بەلکو زۆر بەهێمنی و نەرمیەوە هەلگری ئەو سۆمبۆلە میتۆلۆژیانەن کەشتێکیان لەهیومانیزم هەلگرتووە و شتێکیش لەمیتۆلۆژیای کوردی، شتێکیش لەمێژووی جەستە و شەهوەت، شتێکیش لەمێژوویی مێینە بەهەمموو چێژە جوانەکانیەوە.

گرنگیدان بە دەموچاو داتاشین لەسەر بەرد و ڕاگیرکردنی لەسەر تەختەقاچێکی درێژکۆلەو لەنێوراستی دەم وچاوە بەردینەکەدا،بۆریەکی تەنک بەچەماوەیی خۆی بەبەستێتەوە بەڕووبەری تەختەکە. ئەو هەستەمان بەکەوتنە خوارەوەی ئەو دەموچاوە بەردینە لائامادەدەکات، کەدەیەوێت لەنێو بۆشاییەکدا یاری خۆی بکات، باشتر وایە بڵێم خۆی لەنێو بۆشایدا ڕەها بکات، نەک خۆی بکوژێت!. بەلاَم ئەوە بەشێکی ئەو دەم و چاوانەن لەرێگەی بۆڕی و میتالەوە بەتەختەکەوە پابەندن. بەشێکی میتالە، سارده، سره، جۆرێکە لەبەستنەوە و گرێدانی ئازادی دەم وچاوەکان لەخەونەکانی خۆیاندا. بەشێکیشن لەو تۆبزکاریەی ڕۆژانە ژیان بوونی فیزیکی و زەمەنی خۆیی، پەخۆیی ولەنێو خودی خۆیدا پابەند دەکات، میتالێک لەزۆربەی کارەکانی لەسەر بەرد کردوونی، ئایا لەناوەڕاستی ئەو فیگورانە بن، یاخود لەسەر لای چەپ یان ڕاست، لەهەر پینتێکەوە بێت، ئەم میتالە ئامادەیە و هەندێکیشیان گوریسیان تێئالاوە، وەک دەزووبەندێکی سەخت و بێبەزەیی دەم و چاو فیگورەکان بەدنیای تەختەوە ڕاگیر کراون.

بەکارهێنانی میتاڵ خۆی لەخۆیدا ئاماژەیەکە بۆ چەندەها ئاماژەبۆکراوی دیکە، بێگومان گەر بگەڕێینەوە بۆ خوێندەوەی ئاماژەکای (ڕۆلان بارت)ی بونیادگەر، ئەوا هەمموو ئەم میتالانە، ئەم بۆریە ساردانە، دەم و چاو و فیگورەکان لە بۆشایی خۆیانەوە دەردەهێنێت و دەیانبەستێتەوە بەبۆشایەکی دیکە، بۆشایی ئەورووبەرە تەختەیە کەسومبۆلێکە بۆڕاوەستانی جیهان لەشوێنێکی دیاریکراو وزەمەنێکی دیاریکراو. دەیەوێت دەمو چاو فیگورەکان لەزەمەنێکی تایبەت و شوێنێکی تایبەت جێگیر بن، ئەوە میتالی ساردە کەدنیای ئێمە بە شوێنەوە بەند دەکات، خەونەکان بەتۆبزکاریەکانی ڕۆژانەی ژیان و زەمەنی خەونیش بەپێداویستیەکانی جەستە.



حەمە بەهادین و ئیسماعیل حەمە ئەمین



